ISSN: 1999-5601 (Print) 2663-5836 (online)

Lark Journal

Available online at: https://lark.uowasit.edu.iq

# The Reflection of the Different Dimensions of Death in Nali's Works

*Corresponding author:
**Asst. Lect. Zhino Abdulrahman Mumamad**
Ministry of Education–General Directorate of Education, Sulaymaniyah
Email: zhinoabdulrahman1989@gmail.com

**Keywords**: Kurdish Classical Poetry, Religion, Issue of Death, Dimensions of Death, Nali.

A R T I C L E I N F O

Article history:
Received 21 Jun 2025
Accepted 14 May 2025
Available online 1 Jul 2025

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

CC BY

**Abstract:**

One of the most persistent existential questions posed by humanity is the question of the nature of death. All divine and earthly religions, along with philosophical, social, psychological, and cultural schools of thought, have worked intensively and profoundly to find answers to this question in order to bring comfort and psychological peace to the human soul. Literature is one of the fields of human knowledge, as it reflects the products of human thought, intellect, and emotion. The issue of death has always been a recurring theme in literature and has been deeply reflected in the works of poets. Naturally, each writer and poet approaches the topic differently, shaped by their own religious and cultural contexts and intellectual backgrounds. Kurdish literature, like any other literature in the region or the world, has not distanced itself from this significant human concern. In classical Kurdish literature, especially in the works of Nali, the pioneer of Central Kurmanji classical literature, death is treated from multiple dimensions. It is rare to find a love poem or other poetic work by him that does not reflect on death or incorporate the vocabulary of death.

© 2025 LARK, College of Art, Wasit University

DOI: https://doi.org/10.31185/lark.4151

# انعكاس الأبعاد المختلفة للموت عند نالي

م.م ژينو عبدالرحمان محمد- وزارة التربية- المديرية العامة للتربية السليمانية

## الملخص:

إن احدى الأسئلة الوجودية والمستمرة التي طرتحها البشرية، هو السؤال عن ماهية الموت. وقد عملت جميع الأديان السماوية والأرضية، والمدارس الفلسفية والاجتماعية والنفسية والثقافية، بشكل مكثف و عميق على إيجاد الإجابات وتحقيق الطمأنينة والسكينة النفسية للإنسان.

بعد الأدب من الحقول المعرفية للإنسان، كونه انعكاسا لنتاج فكر وعقل ونفس الإنسان ذاته، وكانت مسألة الموت فيه موضوعا مطروقا باستمرار وانعكست في نتاجات الشعراء. وبطبيعة الحال، فإن كل أديب وشاعر قد تعامل معها بشكل مختلف، ضمن سياقه وفضائه الديني والثقافي وخلفيته المعرفية.

والأدب الكردي، شأنه شأن أي أدب آخر في المنطقة والعالم، لم ينأ بنفسه عن هذه القضية الإنسانية البارزة. وفي الأدب الكلاسيكي، وخاصة رائد الأدب الكلاسيكي الكرمانجي الوسطى (نالي)، كان له تعامل متعدد الأبعاد عن الموت. إذ يندر أن نجد غزلا أو قصيدة له لم تنعكس فيها الموت وحقل مفردات الموت.

**منهج البحث: المنهج (الوصفي التحليل )**

مجلة لآراك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

محتوى البحث وهيكله : يتكون البحث من قسمين، وهما :

القسم الأول: في هذا القسم تم تحليل مفهوم الموت وقضية الموت من منظور الأديان المختلفة وفي الأدب عموما.

القسم الثاني: خصص لتطبيق وتحليل وتفسير قضية الموت وأبعادها ومعانيها المختلفة في أشعار الملا خضر نالي، التي تتمثل في (التضحية بالروح والنفس في سبيل الحب، موت الأحباء والأعزاء، موت الرقباء، قضية الموت بوصفها دافعا للصورة الشعرية والشاعرية، الموت كموضوع للقسم عند نالي، حالة البرزخ في حياة نالي بين الموت والحياة)

الكلمات المفتاحية: الشعر الكردي الكلاسيكي، الدين، قضية الموت، أبعاد الموت، نالي.

**پوختە:**

یەکێک لەو پرسیارە وجوودیی و بەردەوامانەی مرۆڤایەتی بەردەوام کردوویەتی، پرسیارە لە چییەتی مەرگ، کۆی ئاینە ئاسمانی و زەمینییەکان و قوتابخانە فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و کولتوورییەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان بۆ وەڵام و ئاسوودە و ئاسایبوونەوەی دەروونی مرۆڤ، دەستوپەنجەیان لەگەڵیدا نەرم کردووە و پێوەی سەرقاڵ بوون و بەچڕی کاریان لەسەرکردووە.

ئەدەبیش وەک کایە و زانستێکی مرۆیی، کە ڕەنگدانەوەی بەرهەمی بیر و ئاوەز و دەروونی خودی مرۆڤە، تێیدا پرسی مردن بەردەوام کارلەسەرکراو بووە و لە بەرهەمی شاعیراندا ڕەنگیداتەوەتەوە. دیارە هەر ئەدیب و شاعیرێکیش لە بەستێن و فەزای ئاینی و کولتووری خۆیدا و بە پاشخانی مەعریفی خۆی بەجۆرێکی جیاواز مامەڵەی لەگەڵدا کردووە.

ئەدەبی کوردیش وەک هەر ئەدەبێکی تری ناوچەکە و دنیا، خۆی لەم پرسە مرۆییە بەرچاوە نەبواردووە. لە نێو ئەدەبی کلاسیکیشدا و بەتایبەتی سەرمەشقی ئەدەبی کلاسیکی کرمانجی ناوەڕاست کە (نالی)یە، مامەڵەیەکی فرە ڕەهەند و تایبەتی لەگەڵ مەرگدا کردووە. بەجۆرێك دەتوانین بڵێین کەم غەزەل و شیعری هەیە، وشەی مەرگ و کێڵگەی وشەی مەرگی تێدا ڕەنگ نەدابێتەوە.

**پرسیاری توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی مەرگ لای نالی)، وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، کە نالی وەک مرۆڤێک و شاعیرێک و مەلایەک، چۆن لە پرسی مەرگ و مردنی ڕوانیوە و چۆنچۆنی ڕەهەندە جیاوازەکانی هێناوەتەوە و ڕەنگی داوەتەوە و مەزراندوویەتی لە شیعرەکانیدا؟

**میتۆدی توێژینەوەکە:** میتۆدی (وەسفیی شیکاری) بەکارهاتووە، لە ڕێگەیەوە چەمک و مانا جیاوازەکانی مەرگ بەگشتی وەسفدەکرێن و ڕەهەندە جۆراوجۆر و جیاوازەکانیشی لە شیعرەکانی نالیدا شیکار دەکرێن.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**سنووری توێژینەوەکە:** دەقە شیعرییە کوردییەکانی نالیی شاعیر، کە لە (دیوانی نالی، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕریس و فاتیح عەبدولکەریم)ەوە وەرگیراون.

**ناوەڕۆك و پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، کە بریتین لە:

بەشی یەکەم: لەم بەشەدا زاراوە و چەمکی مەرگ و پرسی مەرگ لە ڕوانگەی ئاینە جیاوازەکان و لە ئەدەبدا بەگشتی لێکدراوەتەوە.

بەشی دووەم: تەرخانکراوە بۆ پراکتیزە و شیکردنەوە و لێکدانەوەی پرسی مەرگ و ڕەهەند و مانا جیاوازەکانی لە شیعرەکانی مەلا خزری نالیدا، کە بریتین لە (گیانبەخشین و ڕۆحدانان لەپێناو خۆشەویستیدا، مەرگی خۆشەویستان و ئازیزان، مەرگی ڕەقیبان، پرسی مەرگ وەک سەرچاوەیەکی وێنەی شیعری و شیعرییەت، مەرگ وەک بابەتی سوێندخواردن لای نالی، دۆخی بەرزەخییەتی ژیانی نالی لە نێوان مردن و ژیاندا).

کلیلە وشەکان: شیعری کلاسیکی کوردی، ئاین، پرسی مەرگ، ڕەهەندەکانی مەرگ، نالی.

**بەشی یەکەم: زاراوە و چەمکی مەرگ و پرسی مەرگ لە ئاین و ئەدەبدا**

## تەوەری یەکەم: زاراوە و چەمکی مەرگ

پرسی مەرگ و مردن، پرسێکی زیندووی نێو بیرکردنەوەکانی مرۆڤ و ژیانی مرۆڤە، پرسێکی دانەبڕاو و بەردەوامی نێو زانستەکانە، بە تایبەتی زانستە مرۆییەکانی وەک فەلسەفە و ئاین ئەدەب و دەروونناسی و کۆمەڵناسی و ...هتد. ئەم زاراوەیە زاراوەیەکی ئاشنایە لە هەموو زمانێکدا، (لەزمانی کوردیدا لە بەرامبەر وشەی مەرگ، مردن و مرن بەکاردێن، ئەگەر فراوانتریش لێی بڕوانین بە واتای تیاچوون و گیاندان و لەنێوچوون و ڕووحکێشان و گیانکەندن و تیاچوون و سەرنانەوەش دێت)) (عوسمان، ٢٠١٥: ٢٧). لە فەرهەنگی هەمبانە بۆرینەدا، هەژار موکریانی بەم جۆرە ئاماژەی بە وشەی مەرگ کردووە: ((مرا، کوژرا- گیانی لێسەندرا) واتای یەکەم (کوژرا)یە، مەبەست ئەوەیە کە کەسێکی بەکوشتن هەڵدەستێت. هەرچی واتایی دووەمیشە گیانی لێسەندرا، واتا یەکێك گیانی لێسەندووە)) (هەژار موکریانی، ١٣٨٤: ٨٢٥). دیارە لە زمانی ئینگلیزیدا (death) و لە زمانی عەرەبیشدا (الموت)ی بەگشتی بۆ بەکارهاتووە و لە زمانی فارسیشدا هەمان وشەی (مرگ)ە، کە لە زمانی کوردیدا بۆی بەکارهاتووە.

لە زمانی عەرەبیشدا، وەک زاراوە بە واتای (السکون، وکل ما سکن فقد مات)، بێدەنگی و خامۆشی هاتووە، هەر شتێک بێدەنگ و خامۆش بێت مردووە، هەروەها وتراوە ((الموت والموتان ضد الحیاة))، بەو مانایەی کە مردن دژواتای ژیانە(المسلم، ٢٠١٧، ١٥١٢).

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

لە قورئانی پیرۆزیشدا، ((زاراوەی مەرگ و مردن لە فۆرمی وشەی (الموت) و (الوفاة)دا، بیست و چوار جار هاتووە، خوای گەورە دەفەرموێت: (کل نفس ذائقة الموت)، (وما تدري النفس باي ارض تموت)، هو الذي یتوفاکم في اللیل))(سەرچاوەی پێشوو، ١٥١٤).

جێی ئاماژەیە پەیوەندییەکی ڕیشەیی وشەیی(ئیتیمۆلۆژی) لە نێوان وشەکانی مرۆڤ و مردندا لە زمانە کۆن و ئێستاییەکاندا هەیە، ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەم چەمکە پەیوەندیی بە مرۆڤ و درککردنییەوە هەیە بۆ ئەم چەمکە، بۆ نموونە ((وشەی مرۆڤ لە زمانە هیندۆئەوروپییەکان (Marta< Mr-ta) و لە ئاوێستادا(mareta) و لە فارسیی کۆندا(martiya) و لە پەهلەوییدا وشەکانی (mard)، (mart)،(martum)، (maxaom) و لە گریکیدا (martos) لە لاتینیدا (marotalis) لە ئینگلیزیدا(martal)، هاوکاتیش لە فەڕەنسیدا(mart) بەکار هاتوون. کە هەمان ڕیشەی مردنیان هەیە و لە زمانی فارسیی نوێشدا (مرد، مردم) و لە تاجیکیشدا (مرد، مردم) بەکاردێت) (عوسمان، ٢٠١٣: ١١١).

لە بارەی ناساندنەکانی مەرگیشەوە دەوترێت قورسە لە چوارچێوە بدرێت، پرسی مەرگ چەمکێکی قسەهەڵگر و فرەڕەهەند، بۆیە پێناسەکردنی کارێکی وا ئاسان نییە، لەوەتەی مرۆڤ هەیە بیردەکاتەوە،

لەوەتەی مرۆڤ هەیە لە دەوروبەر و سروشتی و ژیان و لێکەوتەکانی ڕادەمێنێت، یەکێك لە پرسیارە گەورە و خەمە قووڵەکانیشی تێگەیشتنە لە مەرگ (عوسمان، ۲۰۱٥: ۳۰).

سەرەڕای ئەوەش زۆربەی فەیلەسووفان و نووسەران ئاوڕیان لەم چەمکە داوەتەوە و هەر یەکێکیان بە چەشنێك پێناسەیان کردووە. ئەم جیاوازیی تیڕوانین و بۆچوونانەش هەریەکەو لە جێگای خۆیدا شیاوی سەرنج و لێوردبوونەوە بووە.

بەتایبەتی زانستی فەلسەفە، لای لە زۆربەی چەمکە ئاڵۆزەکانی نێو ژیانی مرۆڤ کردووەتەوە، چونکە فەلسەفە پەیوەندیی بە هەموو ژیانەوە هەیە، وەڵام بۆ هەموو یان زۆربەی حاڵەتەکان حازر دەکات، لە وردەوە تا درشت، لە دیارەوە تا نادیار، لە بەرهەستەوە بۆ دەرهەست، بۆ نموونە ((ئەفلاتوون ڕای وایە ئەم مرۆڤە لە لەش و گیان پێکهاتووە، پێش لەدایکبوون گیان لە جیهانی نموونەییدا ئازاد بووە، پاشان بەهۆی هەڵەکردنەوە فڕێندراوەتە سەر زەوی و لەناو لەشدا زیندانی کراوە، بە مردن لەم زیندانە ڕزگاری دەبێت، لەبەرئەوە ئەفلاتوون لەو باوەڕەدایە کە گیان نامرێت و بە مەرگی لەش ناڕەوێتەوە، بەڵکو هەر بە نەمری دەمێنێتەوە)) (عزیز، ۲۰۰۸، ۱٥۲). ئەرستۆش لە لۆژیکەوە گەیشتە پلانی گەردوونی، ئەم پلانە گەردوونییەش واتە: گەردوون بەهۆی پلانێکەوە داڕێژراوە و بەردەوامی هەیە، هەربۆیە دەتوانرێت بگوترێت هەموو وێنە و دیاردەکان، بەژیان و بوون و تەنانەت مردنیشەوە دەچنە قاڵب و چوارچێوەی ئەو پلانە گەردوونییەی ئەرستووە. (عوسمان، ۲۰۱٥: ۱۱٤).

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

هەر لەو چوارچێوەیەشدا فەیلەسووفی ناوداری ئەڵمانی فریدریک نیچە (مردن وەک دژێکی تەواو دەبینێت لەگەڵ ژیاندا و قەشە پۆڵسیش ڕای وایە پرۆسەی مردن پرۆسەی گواستنەوەیە لە دنیایەکەوە بۆ دنیایەکی تر و لەم بارەیەوە دەڵێت: بەمردنتان ژیانتان لەگەڵ خوداوەنددا یەکدەگرێتەوە) (ڕەوف، ۲۰۲۳، ٥). دیکارتی فەیلەسووفی فەرەنسییش لە بارەی مەرگەوە دەدوێت و ((ئەقڵ دەکاتە بنەما، لەڕێگەی ئەقڵەوە سروشت و مرۆڤ ڕووداوەکان و مەرگیش لە نێویدا، شرۆڤە دەکات. ئەوەی کە دیکارت لە فەیلەسوفەکانی تر جودا دەکاتەوە ئەوەیە کە هەمیشە مەرگ خەمی گەورەی بووە، چونکە پێی وایە ئەقڵ وا لە ڕووحدا و بەردەوامە، ئەو ڕاستییەش ئاشکرا دەکات کە ڕۆح لە دوای جەستە دەمێنێتەوە)) (عوسمان، ۲۰۱٥: ۱۲٤).

هەر لە بارەی ئەم پرسەوە وتراوە ((مەزنترین دیاردە، کە مرۆڤ بایەخی پێداوە و بە ڕێز و شکۆوە مامەڵەی لەگەڵ کردووە دیاردەی مردنە، سرووتەکانی تەڵقین و بە خاکسپاردن لە زۆر کۆمەڵگادا بەرەو لەناوچوون دەچن، بایەخدان بە مەراسیمە ئاینییەکان لە هاوسەرگیری و لە دایکبوون لە پاشەکشەدان، بەڵام مردن تائیستاش پیرۆزی خۆی دەسەپێنێت و هەستی ڕۆحی لەناخی مرۆڤدا دەچەسپێت)) (ئەحمەد، ۲۰۱٦: ۱۳)، هاوکات بەپێچەوانەشەوە دەوترێت ((دیاردەی مەرگ، هەڵگری کۆمەڵێك پێکدژییە، هەروەها بابەتێکی

وەرسـکەرە و هیچ هاندەرێکی نییە بۆ ئەوەی بیری لێ بکرێتەوە، یان قسـەی لە بارەوە بکرێت))(مەبروك، ٢٠١٥: ١٥).

ڕەوایە ئاماژە بەوەش بکەین ((گەورەترین هەڕەشە کە مرۆڤ لە بوونیەوە تا ئەمڕۆ ڕووبەڕووی بووەتەوە مردنە، ئەو دیاردەیەی کە وەك حەتمییەتێك کە دەربازبوون لێی مەحاڵە، خۆی سەپاندووە وەك یاسـایەکی سروشتی گشتی کە ڕیزپەڕبوون و هەڵاوێردنی تێدا نییە. هەڵوێستی مرۆڤ لەهەمبەر مردن هەڵوێستێکە جگە لەخۆ بەدەستدانەوە لەهەمبەر ویستی قەدەر چیدی پێناکرێت)) (ئەحمەد، ٢٠١٦: ٢٠)، ((چونکە مردن دیاردەیەکە لە خەیاڵگەی زۆربەی مرۆڤەکانداو بە تایبەتی فەیلەسوف و عەوامەکاندا کاریگەریەکی نیگەتیڤی هەیە و بەکۆتایی ژیانی مرۆڤی دەدەنە قەڵەم و هەمیشـە لە خۆدزینەوەدان لەو ترسـە)) (عەنەبی، ٢٠٠٤: ٧٠).

گابریێل مارسـێلی فەیلەسـووفی فەرەنسـی، تێڕوانینی بۆ مردن دوو لایەنەیە، چونکە باوەڕی وایە ((مردن تەنها ئەوکاتە ئازاردارە، کە ئازیزان لە دەستدەدەین. ئەگەر بەگشتی مردن وەك لەناوچوونێك سەیربکەین، نیگەرانمان ناکات، بەڵکو نیگەرانی تەواو کاتێك دەبێت، کە کەسێك کە خۆشـمان دەوێ لە دەسـتی بدەین. ئەوکات مردنی ئەو دەبێتە ڕووداو وەستانێك لە بەرانبەر ئێمە و دەبێتە تێکدەری ئەو پەیوەندی و یەکیەتییەی لە نێوانماندایە))(عەبدولکریم، ٢٠١٤: ٩٧).

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

بە هەڵهێنجان لەو ناسـاندنانەی سـەرەوە، دەتوانرێت بوترێت مەرگ چەمکێکی باوی نێو ژیان و ئاوەز و دەروونی مرۆڤە، بابەتێکی قسـەهەڵگر و فرەڕەهەندە، پێناسـەو دەسـتبردنی کارێکی ئاسـان نییە، چونکە لـەوەتـەی مرۆڤ هـەیـە، لەبارەیەوە بیردەکاتەوە. مەرگ مەزنترین دیاردەیە، کە مرۆڤ بایەخی پێداوە و بە ڕێز و شکۆ و زۆرجاریش بەترسەوە مامەڵەی لەگەڵ کردووە. مەرگ گەورەترین هەڕەشەیە لەسەر ژیان، چونکە دیاردە و پرۆسەیەکی حەتمییە.

**تەوەری دووەم: مەرگ لە ڕوانگەی ئاینەکانەوە**

وەک ئاماژەی پێدرا پرسـی مەرگ لە ڕوانگەی ئاین و کۆی بیرمەندانیشـەوە هەمیشـە جێی ڕامان و سـەرنجدان بووە. ((ئایینەکان بەهەموو جیاوازییەکانیانەوە پرسـی مەرگ وەکو ڕووداوێکی پیرۆز سـەیر دەکەن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مرۆڤ لە ڕوانگەی ئایینـدا کائینێکی پیرۆزە، تەنانەت هەندێ کەرەت پیرۆزییەکەی نزیك دەبێتەوە لە جێنشـینی خوا. بەواتایەکی تر بەپیرۆزسـەیرکردنی مەرگ لە ئایندا واتا بەپیرۆزسـەیرکردنی مرۆڤ، چونکە دواجار ئەوە مرۆڤە دەمرێت، هەر بۆیەشـە سـرووت و ڕێوڕەسـمە ئاینیەکانی مەرگ لە چوارچێوەیەکی شکۆدار و شـایسـتە بەو پیرۆزییەی مرۆڤ ڕێکخراون)) (عوسـمان، ٢٠١٥: ٣١).

لە خوارەوە بە کورتی هێما بۆ دنیابینیی ئاینەکان لەم بارەیەوە دەکەین:

**١- دیارترین ئاینە ئاسمانییەکانی وەک ئاینی ئیسلام و مەسیحی و جوولەکە:** ئەم سێ ئاینە ئاسمانییە سەیرکردنیان زۆر نزیکە لە یەکترییەوە سەبارەت بەم پرسە، کۆی ئاینە ئاسمانییەکان باوەڕیان وایە کە ژیان دوای مردن هەیە، مەرگ پرۆسەیەکی گواستنەوەیە لەم ژیانەوە بۆ ژیانی دوای مردن، مەرگ کۆتایی ژیان نییە. مردن وەک بەشێکی حەتمی لە ژیانی مرۆڤدا دەبینرێت کە لەلایەن خوداوە دیاری کراوە، وەک لە کتێبی ئاسمانی ئاینی ئیسلامدا، کە قورئانی پیرۆزە هاتووە و خوای گەورە دەفەرموێت: (كل نفس ذائقة الموت) (قورئانی پیرۆز: سوورەتی ئەلعەنکەبووت: ئایەتی ٥٧)، واتا هەموو نەفسێک یان مرۆڤێک ناڕەحەتی مەرگ دەچێژێت. هاوکات ئاینە ئاسمانییەکان مرۆڤەکان هان دەدەن بۆ بیرکردنەوە لە مەرگ وەک ڕێگایەک بۆ ژیانێکی باشتر و ئامادەبوون بۆ ژیانی دوای مردن، پێویستیشە لە ڕێگەی سرووتە ئاینییەکانەوە توێشوو بۆ ژیانی دوای مردن هەڵبگیرێت. هەروەها باوەڕیان وایە مەرگ گەڕانەوەیە بۆ لای خودا، وەک لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە (إنا لله وإنا إليه راجعون)(قورئانی پیرۆز: سوورەتی ئەلبەقەرە: ئایەتی ١٥٦).

هەر لە قورئانی پیرۆزدا گەلێک باس و بابەت لە بارەی مەرگ و ڕەهەندییەکانییەوە هاتووە، بۆ نموونە: (( پێناسەی مەرگ و پێگەی باوەڕبوون بە مەرگ، مەرگ و دەرکەوتنی لەگەڵ ناوەکان و سیفەتەکانی خودای گەورەدا، ئامادەبوونی فریشتەکانی مەرگ، سەختی و ناخۆشییەکانی مەرگ و دۆخی خەڵک لە کاتی مەرگدا، گەشتی ڕۆح بۆ ئاسمان دوای مەرگ، ترس و سامناکی گۆڕ و پرسیاری دوو فریشتە و تەنگی گۆڕ، شوێنی ڕۆحەکان لە بەرزەخدا، هاندانی قورئان بۆ وەرگرتنی پەند لە لەناوچوونی گەلان و تاکەکانی پێشوو و کاریگەری بیرکردنەوەی بەردەوام لە مەرگ لەسەر باوەڕ و ڕەفتاری موسوڵمان))(المسلم، ٢٠١٧: ٤).

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

لە کۆتاییدا، دەقەکە جەخت لەسەر گرنگی بیرخستنەوەی باوەڕداران دەکاتەوە و ئاماژە بەوە دەکات کە مرۆڤ لەوانەیە هەندێک ڕاستی لەبیر بکات کاتێک زۆر سەرقاڵی ژیانی دنیایی دەبێت. یەکێک لەو ڕاستیانە مەرگە، کە پێویستە هەمیشە ئامادەیی بۆی هەبێت چونکە لەناکاو دێت. ئەمەش سوننەتێکە لە سوننەتەکانی پێغەمبەر (د.خ) کە هانی داوین زۆر یادی بکەین و خۆمانی بۆ ئامادە بکەین.

**٢- ئاینی بودایی:** یەکێك لە سەرنجڕاكێشترین تایبەتمەندییەکانی بیری بودا ئەوەیە کە باسکردن لە مەسەلەکانی وەك بوون، یان نەبوونی خودا، جیهانێکی تر، نەمری ڕۆح و زۆرێك لەو بابەتانە بە بێهودە و بێئەنجام دەزانێت، لەم ڕووەوە خودی بودا بەئاشکرا دەڵێت: ((من لەبارەی کۆنی و ئەزەلیی جیهانەوە ڕوونکردنەوەم نەداوە، هەروەك چۆن لەبارەی سنووورداری و کۆتایی هاتنیشیەوە ڕاڤەیەکم نەکردووە. هەر

بە بۆچوونی بودا و بوداییەکان، کاتێك مرۆڤ دەمرێت-مردنی ڕاستەقینە- کەسەکە دەچێتە نێو دۆخێکی ئارام))(سەرچاوەی پێشوو: ٣٠).

**٣-ئاینی هیندۆسی:** ئەو سرووتانەی کە لەژێر زاراوەی( هیندۆسی)دا کۆدەبنەوە، لە ڕاستیدا بریتین لە کۆمەڵێکی هەمەجۆر لە ڕێنمایی و باوەڕ، کە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی دانانی کتێبە پیرۆزەکانیان لەپێش هەموویانەوە(ڤیدا- veda). ((هیندۆسەکان باوەڕیان بەفرە خودایی هەیە و باوەڕیان وایە کە خوداکان ئەوانەشی کە ڕاستەوخۆ خودای مردن نین، توانای مراندن یان پاراستنیان هەیە و وەك خودای شاخەکان(ڕودرا). هەروەها لە کەسێتیە سەیرەکانی ڕیچ-ڤیدا، خودایەکە بەناوی(yama)، یەکەمین کەسە کە مردووە و ئەو ئێستا خودای مردووەکان و دادوەری ئەوانەیە کە کۆچیانکردووە. هەروەها لای هیندۆسەکان مەسەلەی ڕووح بابەتێکی بنەڕەتیەو پەیوەندی بە مەسەلەی ژیان و مردنەوە هەیە. پێیان وایە جگە لە (دۆنادۆن) گەڕانەوەی ڕۆحی مردوویەك بۆ کەسێك یان کەسێکی تر لە سەرزەوی، ڕۆحیش لەپاش مردنی کەسە چاکەکان، دەچێتە ژیانێکی خۆش-بەهەشت-. هاوکات باوەڕیشیان بە دۆزەخ-هەرچەندە باسی کەمە و ناڕوونە- هەیە، کە لەشێوەی چاڵێکدایە و چارەنووسی خراپان لەوێدایە))(عەبدولکریم، ٢٠١٤: ٢٦).

**٤-ئاینی گەلی تۆکیۆ:** گێڕەوە چینیەکان دەربارەی گەلی تۆکیۆ دەڵێن: تاکەکانی بڕوایان وایە کوژران لە جەنگدا شەرەفە و مردنی مرۆڤ بە نەخۆشی ئابڕووچوونە (ئەحمەد، ٢٠١٦: ٩٤).

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**تەوەری سێیەم: پرسی مەرگ لە ئەدەبدا**

مەرگ ڕەهەندێکی خودی و دەروونی ئەدیبان و شاعیرانە، بووەتە پرسێکی شیعری و وجوودی و فەلسەفی لای زۆرینەیان. لە مێژووی ئەدەبدا ((هەر لە زۆر کۆنەوە داستانە شیعرییەکان و ئەفسانەکان، ئەم بابەتەیان وەك مەکۆ و تەوەری سەرەکی باسکردووە. بۆ وێنە داستانی گەلگامێش یەکێکە لەوانە، کە پاڵەوانەکەی لە هەوڵی گەڕان بەدوای نەمریدایە و ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە. هەروەها لە کۆمیدیای ئیلاهیی دانتێدا هەمان تێما دەبینرێت، مرۆڤ لە دەقە ئەدەبییەکاندا لە ڕێگەی گەڕان بە دوای درەختی ژیان، شەربەتی مردن، ئاوی خدر، ڕووباری ژیان، بەردەوام بە شوێن دیاریکردنی چارەنووس و نەمریدا گەڕاوە))(حەمەئەمین، ١٣٩٧: ١٥٢).

زۆرجارانیش لای بەشێک لە شاعیران و ئەدیبان بووەتە هۆی ڕەشبینی و خەم و لاواندنەوە و هەندێکجاریش ئاواتخواستن بە مردن و تا ڕادەی هانا بۆ خۆکوشتن و خۆکوشتنیش ڕۆیشتووە.

ئەوەش ئاشکرایە زۆرجار ڕووداوە ناخۆشەکانی کۆمەڵگا لای شاعیران جێی نیگەرانییە، وەک هەژاری و مردن و نەزانی و نەخوێندەواری، هەروەها نەخۆشی یان نادادپەروەری. شاعیران هەندێکجار ئەو ژینگە و دەورووبەرەی تێیدا دەژین جێی بایەخیانن و بەتایبەتیش ئەو ژینگەیەی کە ئازارەکانیان لێوەی سەرچاوە

دەگرێت)(الجعیفیری، ٢٠٢٥: ٩٩٦) کە دیارە پرســـی مردنیش یەکێکە لەو ڕووداو و ماجەرایانەی کە لە ژینگە و دەوروبەر و خێزانی شاعیردا ڕوودەدەن.

ئەدیبان و شاعیران و چیرۆکنووس و ڕۆماننووسان لە ڕیزبەندی سەرەوەی هەستیارترین مرۆڤەکانن، کە بە ڕێگای جیاواز و شێوازی تایبەت بە خۆیان بە لای پرسی مەرگدا چوون، وەک هەر مرۆڤێکی هۆشمەند و خەیاڵفراوان و سۆزاوی، لەم بارەیەوە دەوترێت ((مرۆڤ تاکە بوونەوەرێکە کە پێش ئەوەی بمرێت ئاگایە بەوەی دەمرێت، مرۆڤەکان سەبارەت بە مەرگ سێ جۆرن، هەندێکیان لەو مرۆڤانەن کە لە(مەرگ دەترسن) ترســـاوی دەســـتی مەرگن، بە هیچ جۆرێك ناوێرن باســـی مەرگ بکەن، مەرگ لە خۆیان دەکەنە دەرەوە. هەندێکی تریان ئەو مرۆڤانەن کە (مەرگ ئەندێشـــەن)، بیر لە خوودی مەرگ دەکەنەوە. هەندێکی تریان( ئاگان بە مەرگ) لەگەڵ ئەوەشدا کە دڵنیان دەمرن، بەڵام لەهەمان کاتدا ئاگان بە مردنی خۆیان، بەبێ ئەوەی لە مەرگ بترسن)) (حەمەغەریب، ٢٠١٩: ٩٣).

ئەدیبان و شـــاعیران هەر یەکەو بە ئاوەز و باکگراوند و بیروباوەڕی خۆیان لە مەرگیان ڕوانیوە، وەک باکگراوندی وجوودی و ئاینی و سۆفیگەری و مرۆیی و فکری چەپ و ڕاستڕەوی و ...هتد، بۆ نموونە لای شـــاعیری ناوداری فارس و جیهان، مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی مەرگ شـــیرینەو کۆچکردن لەم ســـەرای دونیایەدا هێندە دڵنشـــینە، وەك ئەوە وایە باڵندەیەك لە قەفەســـەکەیدا ئازاد ببێت و جێی بهێڵێت. (مەولانا) ئەم جیهانە بە مایەی ئازار و ناکامەرانی دەزانێت. بەواتایەکی تر مامەڵەی مەرگ لای مەولانا، مامەڵەیەکی پڕە لە شکایەت و ناڕەزاییدەربڕین لە دونیا ئەوەتا دەڵێت:

**مرگ، شیرین گشت و، نقلم زین سرا**

**چون قفص هشتن، پریدن، مرغ را** (نەراقی، ٢٠١٦: ١٣١)

لای بەشـــێکی تری نووســـەران مەرگ وەک بێدەنگییەکی قووڵ و ئارام و بێژاوەژاو لێی ڕوانراوە، بۆیە هەندێک لە ئەدیبان پەنایان بردووەتە بەر مەرگی ئیرادی، ((شـــاعیران بەتایبەتی و ئەوانەی لەم جۆرە مردنەیان ڕوانیوە، هەمیشـــە و بە ئەندازەیەکی زۆر گرنگیان بەبێدەنگی داوە و تێیدا ژیاون، بۆ نموونە هەردوو ڕۆماننووسی گەورەی جیهانی وەك (دیستۆیڤیسکی و نیکۆس کازانتزاکیس)، هاوڕان لەسەر ئەوەی مرۆڤ یان شاعیر کاتێك مەرگی ئیرادی هەڵدەبژێرێت، بۆ ئەوەیە تیایدا بگاتە مەقامی (سکوت) بێدەنگییەکی قووڵ)) (حەمەغەریب، ٢٠١٩: ١٠٤).

لە شیعری عەرەبیدا بیرکردنەوە لە مەرگ لە سەرەتادا بابەتی سەرەکی زۆربەی شیعرەکان نەبووە، (بەڵام لە سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچی (هەشتەم و نۆیەمی زایینی) ئەم بابەتە گرنگییەکی زۆری پەیدا کردووە. وەک شیعری سۆز و پرسە (مەرسییە) کە یەکێک بووە لە کۆنترین جۆرەکانی شیعری عەرەبی و ڕەگی

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

قووڵی لە کولتووری عەرەبیدا هەیە. هاوکات باسکردنی مەرگ تەنها لە شیعری پرسەدا نەبووە، بەڵکو لە شیعری جەنگ، مەی، غەزەل و تەنانەت لە مەدح و هیجاشدا باس کراوە)(عبدالسلام، ٢٠١٧: ١٢).

بەشێکی زۆری تری ئەدیبان و شاعیران هەر یەکەو بە ڕەهەندێکی تری جیاواز، مەرگ و تێمای مەرگیان بەرباسداوە، هەندێکیان لە دەلاقەی ڕەهەندی وجوودی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و شیعری و هونەری و خودی و ....هتد، بەرباسـیان داوە. دیارترینیان ڕەهەندی کۆمەڵایەتییە، وەختایەک کە ئازیزێکیان کۆچی کردووە لاواندنەوەیان بۆ نووسیوە، وەک (تێنی سۆن بۆ مەرگی دۆق ولینگتۆن، ئێدگار ئالان پۆ بۆ ژنەکەی، واڵت ویتمان بۆ ئەبراهام لینکۆڵن، پابلۆ نیرۆدا بۆ ئازیز و نزیکەکانی، خەنسا بۆ براکانی-موعاویە و سەخر-، ئەبوعەلائی موعەڕری بۆ باوکی و ...هتد. لە ناو کوردیشدا نموونە بەرچاو و زۆر هەن، ئەحمەدی خانی بۆ مەرگی میری بایەزید، مەولەوی بۆ عەنبەرخاتوونی خێزانی، گۆران بۆ مەرگی فایەق بێکەس شاعیر، لەتیف هەڵمەت بۆ دایکی، شێرکۆ بێکەس بۆ مەرگی بە کۆمەڵی تراژیدیای ئەنفال و هەڵەبجە و ...هتد)(بڕوانە: دەشتی و بداغی: ٢١٠٤: ٧-١٥).

**بەشی دووەم: دیارترین ڕەهەندە جیاوازەکانی مەرگ لای نالی**

نالی(١٨٠٠-١٨٧٧) سەردەستەی شاعیرانی کلاسیکی کوردییە بە دیالێکتی کوردیی ناوەڕاست، وەک مرۆڤ و شاعیر کە پاشخانێکی ئاینی و ئەدەبی و کولتووریی قووڵی هەبووە. خودان دیوانێکی گەورە و پانوپۆڕی شیعرییە. دیارە شیعریش ئەو سرووشتەی هەیە، بابەت و ناوەڕۆکی جیاجیا و زۆر لەخۆ دەگرێت، بەنزیکەی هەموو بابەتێک دەبێتە جێسەرنجی ئەدەب یەكێك لە بابەتە سەرەکییەکانی شیعریش کە ئەرکی دەروونی و خودی و ئاینی و کۆمەڵایەتی هەڵگرتووە لە شیعردا، بابەتی مەرگ و پرسی مەرگ و دەربڕینی شیوەن و ئازار و شکست و خەم و لاواندنەوە لای شاعیر. جێی ئاماژەیە نالی جگە لە وشەی مەرگ، هاوواتاگەلێکیشی بۆ ئەم مەبەستە بەکاربردووە، وەک (مەوت و فەوت و مردن و نەمان و ئەمانەت و فەنا و قوربانی و دەرچوونی ڕۆح و جان و نەمانی عومر و ..هتد)

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

توێژینەوەکە ڕەنگدانەوەی ڕەهەندەکانی مەرگی دەستەبەشی ئەم چەشنە جیاوازانە کردووە:

**یەکەم: گیانبەخشین و ڕۆحدانان لەپێناو خۆشەویستیدا**

مردن لە پێناو خۆشەویست و ئازاری دووری یار، ڕەهەندێکی خودی و ئەڤینیی قووڵی شاعیرانە. بابەتێکی بەربڵاوی نێو شیعرە و شاعیران ڕۆحیان لەسەر دەستە بۆ یار و مەعشووقەکەیان، نالیش لەم ڕووەوە سەرتۆپی گرتووە و دەڵێت:

**گوتت: نالی! ئەتۆ بمرە ئەمن دێم**

**خودا کەی بێ، خودا کەی بێ، خودا کەی!** (نالی، ١٩٧٦: ٧١٠)

لێرەدا نالی قیمەتی هاتنی یار دەگۆڕێتەوە بە مەرگی خۆی و نەک جارێک سێ جار ئاوات بە مردنی خۆی دەخوازێت، لە پێناو ئامادەیی و هاتنی یاردا. نالی وەک هەمیشە ئەو گەمە زمانییەی کردووە، کە لە نیوەدێڕی دووەمدا، ئەمانخاتە نێو ئەو دوولایەنییەی کە تایبەتمەندییەکی دیاری شیعرەکانییەتی، کە وا لێک بدرێتەوە کە جارێک ئاواتی هاتنی حەبیبەکەیەتی و جارێکیش ئاواتخواستنە بە مەرگی خۆی، چونکە هۆ و ئەنجامی یەکن. یاخود دەستەواژەی (خودا کەی بێ) دووبارە دەکاتەوە، ((دووبارەکردنەوەی وشە یان دەستەواژەیەک زیاتر لە جارێک لە هەمان دەقدا بۆ مەبەستێکی تایبەتە؛ ئەمەش یان بۆ جەختکردنەوە یان ئاگادارکردنەوە یاخود گەورەکردنی بابەتەکەیە. زانایان دابەشیان کردووە بۆ دوو جۆر، یەکێکیان ئەوەیە کە لە وشەدایە و ئەوی تر لە واتادا دەبینرێت))(حسین، ٢٠٢٥: ٨٣).

لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

**ڕوومەتت شەمعی شەوی قەدرە، دڵم پەروانەیە**

**نەحری مینای ڕۆژی عیدە، ڕۆحەکەم قوربانییە** (نالی، ١٩٧٦: ٥٩٠)

قوربانیدانی ڕۆح لە پێناو جوانی خۆشەویستەکەیدا لەم دێڕە شیعرەدا دەبینرێت و لە وێنەیەکی ناوازەدا کە نالی درووستی کردووە، ڕوومەتی یاری چواندووە بە مۆمی شەوی قەدر و دڵی خۆشی بە پەروانە و ڕۆحی خۆشی وەک قوربانی لە مینادا و لە ڕۆژی جەژندا بینیوە. بەهۆی پاشخانە ئاینییەکەوە پشتی بەستووە بە بابەتگەلێکی ئاینی وەک (شەوی قەدر و نەحر و مینا و ڕۆژی جەژنی قوربان و قوربانیکردن)، تا لەو ڕەهەندەوە و لە ڕێی گیانبەخشینەوە خۆشەویستیی قووڵی خۆی ئاراستەی دڵبەرەکەی بکات.

لە زۆر شوێنی دیوانەکەیدا ئەم ڕەهەندە چەند بارە دەبێتەوە، کە دەڵێت کە لە حەسرەت و داغی دووریدا هەموو عومرم فەوتا و مەرگم بەچاوی خۆم بینیوە و مەگەر هەر خۆشەویستی یار بتوانێت عومرێکی ترم پێببەخشێتەوە و بە وەسڵی یار بگەم. وەک دەڵێت:

**بە حەسرەت عومری من یەکبارە فەوتا**

**مەگەر عومرێ دوبارەم پێ عەتا کەی** (نالی، ١٩٧٦: ٧١٠)

یان دەڵێت، مەرگ و ژیانی من کە ئەمانەتێکە لەم دنیایەدا دەیدەمە ماچێک، دەڵێت من و تۆ پەیمانێکمان بەستووە، ئەویش ئەوەیە من ڕۆحی خۆمت پێ ببەخشم و تۆش ماچێکم پێ بدەیت. ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە نالی ژیان و ڕۆحی خۆی بە ماچێکی یار هەمبەرکردووە و دەڵێت:

**وەفای عەهدە لە من ڕۆح و، لە تۆ ماچ**

**چییە چارەی ئەمانەت غەیری تەسلیم** (نالی، ١٩٧٦: ٣١٢)

**دووەم: مەرگی خۆشەویستان و ئازیزان**

وەک ئاماژەی پێدرا، شاعیران لە کاتی مەرگی ئازیزێکیاندا، کەوتوونەتە کەفوکوڵێکی سۆزاوی و غەمێکی گەورەوە، لەپاڵ دەربڕینی وەفا و ڕێز و دەردانی ئەو ئازار و غەمە لە ڕێی وشەوە، ویستوویانە بارتەقای ئازاری مردنەکەش لە وێنەی هونەری و ئەدەبیشدا مۆمیای بکەن، چونکە ((ئەم بابەتە لە لایەن شاعیرەوە کاتێک لە بواری ئەدەبی و هونەرییەوە، بایەخدار و سەرنجڕاکێش دەبێت، کە توانیبێتی بە وێنە شیعرییەکی نوێیەوە دەریببڕێت. بۆ دەربڕین و وێناکردنی بابەتی دووری لە یار و لە دەستدانی ئازیزان و خۆشەویستان و ئەو خەم و پەژارەی کە هەیبووە، دیارە هەر شاعیرێکیش نوێکاریی خودیی خۆی تێدا ئەنجام داوە)) (محەمەدی، ١٤٠١: ١٩٦).

ئەم ئەزموون و ڕەهەندە ئەڤینی و خودی و وجوودی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەی مەرگ لای نالی لە دوو حاڵەتدا دەبینرێت، کە مەرگی (حەبیبە)ی خۆشەویستی و مەرگی (سلێمان پاشای میری بابان)ی دۆستی نزیکی بووە، کە بەقووڵی جێ نەشتەری دوورییان، برینی لەسەر دەروون و ئاوەزی نالی جێکەوتبووە.

وەک لە غەزەلە دیارە دە بەیتییەکەیدا کە بۆ مەرگی حەبیبەی خۆشەویستی نووسیوە دەڵێت:

**نەمردم من ئەگەر ئەم جارە بێ تۆ**

**نەچم، شەرت بێ، هەتا ئەم خوارە بێ تۆ**

**...**

**هەموو ڕۆژێ لەتاو هیجرانی ئەمساڵ**

**تەمەننای مردنی پێرارە بێ تۆ**

**لە حەسرەت سەروی قەددت چاوی نالی**

**دوو جۆگە، بەڵکوو دوو ڕووبارە بێ تۆ** (نالی، ١٩٧٦: ٣٨٠-٣٨٤)

بە ڕوانین و خوێندنەوەی سەرتاپای ئەم غەزەلە هەست بە ژانی قووڵ و بەرەی مەرگی خۆشەویستەکەی دەکرێت و نالی نەیتوانیوە ئەم کۆچەی بشارێتەوە. زیاتریش لەو دێرەی کە دەڵێت (هەموو ڕۆژێ لەتاو هیجرانی ئەمساڵ-تەمەننای مردنی پێرارە بێ تۆ) دەردەکەوێت کە ساڵێ دواتر نووسیویەتی و ئاوات بۆ مانی پێراری حەبیبە و مردنی پێشوەختەی خۆی دەخوازێت. ئەم غەزەلە سەرتاپای پڕە لە ناسۆر و غەم و کەسەر و ئاوات بە مردن و ناڵین و لەبەرچاوکەوتنی شتەکانی دەوروبەری. هاوکات تێیدا شاعیر گلەییەکی گەورە لە خۆی دەکات و دەڵێت وا ئەمجارەش نەمردم لە بێتۆییدا، بەڵام شەرت و پەیمان دەداتە خۆی کە بێ یادی

ئەو تەنانەت هەتا ئەو خوارەش کە درکە و ئاماژەیە بۆ نزیکی شوێن، نەچم. دەشڵێت بێ تۆ دەروونم وەک نەیەک دەناڵێت و بینایم کوێر بووە و بەڕووی هێچ کەسێکدا هەڵنایەت و برژانگەکانم وەک بزمار لە چاومدان و شەرابم چوون ژەهرە، لە دوای مردنیشت هیچ ئاشنایەکم نەماوە، ئاوات بە مان و زیندوویی پێرارت دەخوازم و بەردەوام فرمێسکم دەڕژێت.

یەکێکی تر لەو مردنانەی کە جێکەوتی لەسەر نالیی شاعیر جێهێشتووە، مردنی (سلێمان پاشای بابان)ە و لە غەزەلێکی پڕ لە وێنەی شیعریی باڵادا لە بارەی کۆچی یەکجارەکییەوەی دەڵێت:

**تا فەلەک دەورەی نەدا سەد کەوکەبی ئاوا نەبوو**

**کەوکەبەی میهری موبارەک تەلعەتی پەیدا نەبوو**

**تا نەگریا ئاسمان و، تەم وڵاتی دا نەگرت،**

**گوڵ چەمەن ئارا نەبوو، هەم لێوی غونچە وا نەبوو**

**...**

**بۆ نیشنگەی مورغی ڕۆحی ئەو کە عالی فیترەتە**

**جێگەیی خۆشتر لە ڕەوزەی جنة المأوی نەبوو** (نالی، ١٩٧٦: ٣٧٠-٣٧٤)

دیارە مەرگی سلێمان پاشا بووەتە هۆی لەدایکبوونی ئەم غەزەلە، لێرەدا مەرگی شاهەکەی نالی کاریگەری لەسەر داناوە و غەزەلێکی پڕ وەسف و لاواندنەوەی بۆ دەنووسێت و تێیدا دەڵێت گەر پاشاکانی (تەی) ئەستێرە بن، ئەوا سلێمان پاشای کۆچکردوو خۆرێکی هەمیشە درەوشاوەیە. نەک نالی و مرۆڤەکان غەمگین نەبوون، دەڵێت: ئەوەتا لە حەسرەتی مردنیدا. ئاسمان دەگری و تەمیش باڵی بەسەر وڵاتدا کێشاوە. هاوکات وەسف و سەنای دادپەروەریشی دەکات و دەڵێت بۆ ڕۆحی جوانی ئەو جگە لە بەهەشت هیچ شوێنێک شایەنی ڕۆحی ئەو نییە. لە کۆتاییدا وەک جەمشید پاشای سەردەم لێی ڕوانیوە.

**سێیەم: مەرگی ڕەقیبان (بەنموونەی باوکی حەبیبە)**

ئەم چەشنە لە کاریگەری مەرگ لە ئەدەبیاتی دنیادا و وێنەی کەم و دەگمەنە، نالی لێرەدا ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و کولتووری باڵی بەسەر دەروون و ئاوەزیدا کێشاوە. لەو ڕووەوە دەبینین نالی شاعیر غەزەلێکی درێژی نۆزدە بەیتی بە بۆنەی مەرگی باوکی دڵبەرەکەیەوە نووسیوە، کە بە جۆرێک لە ڕزگاربوون و دەرگایەک دەبینێت بۆ مولاقات و پێکگەیشتن و دەڵێت مردنی باوکت یەکێک بوو لە ئاواتە گرنگەکانی ژیانم کە هاتە دی و بەردەوام دەستەودوعا بووم بۆ ئەم مەرگە. هاوکاتیش لە پەنای ئەم ڕووداوی مەرگەدا وەسفێکی باڵای هونەری و پڕ وێنەی شیعری حەبیبە دەکات و باوکی وەک سەدەف و قاوغێک دەچوێنێت و یاریش بە مرواریی تاقانە و دەڵێت خۆت خۆش بیت و ئیتر بەستەڵەکی زستانی پیریی باوکت، کە بووبووە هۆی

ســـاردی نێوانمان توایەوە و بەهار هات و ئیتر گوڵی خۆشـــەویســـتیمان چرۆ دەکات. تا لە کۆتاییدا نالی بە هۆشـیارییەوە لە باسـی ئەم مەرگەدا دەڵێت ئەوەی ئەم غەزەلە ببیسـتێت تێدەگات کە نالی خەرقی نەریت و عادات و کولتوور و کۆمەڵایەتی و شیعریی کردووە و تێیدا دەڵێت:

**ماتەم، وەکوو زوڵفەینی سییەهـ، گرتی سەراپات**

**پۆشی لە ڕوخت تەعبییەیی بەیدەق و شامات**

**تاقانە یەتیمی خەلەفی ئاخری نیسان!**

**تۆ خۆش بی، سەدەف بوو بە فیدات، دوور بی لە ئافات**

**...**

**بەس گریە بکە بۆ پدەر و بابی حیجابت**

**بێ بابیی تۆ مووریسە بۆ وەسڵ و مولاقات!**

**بێ بابیی تۆ بۆ من و تۆ بابی فوتووحە**

**بێ بابیی تۆ خواستەیی من بوو بە ئاوات**

**بێ بابی موورادی من و تۆ بوو بە تەمەننا**

**بێ بابی دوعایی من و تۆ بوو بە موناجات**

**...**

**نالی یەک و ئەو کەس کە تەمامی غەزەلی بیست**

**مەعلوومی بووە زۆر و کەمیی خاریقی عادات** (نالی، ١٩٧٦: ١٣٧-١٤٤)

**چوارەم: پرسی مەرگ وەک سەرچاوەیەکی وێنەی شیعری و پێدەری شیعرییەت**

بەو هۆیەی نالی شاعیر و مەلا و زانایەکی ئاینیی ناوبانگڕۆیشتووی سەردەمەکەی خۆی بووە و پلەبەپلە لە قۆناغی سوختەیی و فەقێیەتی و مەلایەتییدا شەرع و کتێبە ئیسلامییەکانی خوێندووە، شارەزا و زرنگ بووە لە بنەماکانی ئاینی ئیسلامیدا. وەک ئاماژەی پێدرا، پرسی مەرگیش کە پرسێکی گەورە و گرانی نێو ئەم ئاینە بووە، بەردەوام ئەم پرسە لە دەروون و هزریدا و لە سـکیمای ئاوەزیی نالیشـدا هاتوچۆی کردووە و بووەتە بابەتێک کە لە وێنەگەلێکی شـیعریدا بەرباسـی بدات، دیارە ((سـکیمای ئاوەزی (mental schema) چوارچێوەیەکی ئاوەزیی و دەروونییە، یارمەتی مرۆڤ دەدات لە ڕێکخسـتن و پرۆسـێسـکردن و هەڵگرتنی زانیارییەکان و چەمکەکانی ژینگەکەی و دەوروبەری و ڕێگەخۆشـکەرێکیشـە تا لە ئەزموونی ڕەفتاری و زمانی هەر مرۆڤێک تێبگەین، کە ئەو چوارچێوە ئاوەزییە لە وێنە و وشەدا دەردەبڕێت))( cherry, 2024: link).

وێنەی شیعری و ڕەوانبێژیی پێدەری یەکەمین و بەربڵاوترین شیعرییەتن لە دەقی شیعریدا و خاڵێکی جیاواز و جیاکەرەوەیە، وەک عبدالقاهری جورجانی کە تێڕوانینەکانی لە وێنەی ڕەوانبێژیدا، وەرچەرخانێکی گەورەی درووست کرد، لە بارەی وێنەوە دەڵێت: ((وێنە پێوانەی دەرکپێکردنی عەقڵە بەوەی کە بەچاو لە شیعردا دەیبینین و ئەگەر جیاوازیی لەنێوان دوو شیعردا هەبوو، ئەوە بە گشتی لە وێنەدایە))(جرجانی، ١٣٢١: ٣٦٥). دکتۆر (محمد التونجي)یش لە فەرهەنگە ئەدەبییەکەیدا بەم شێوەیە دەیناسێنێت: ((وێنەی شیعری کێشانی وێنەی خەیاڵییە و کاریگەرییەکەی پەیوەستە بە دەروون و توانای شاعیرەکەوە، هەیە بەرهەست و بەرجەستەیە، هەشە بە پێچەوانەوە درووستکراو و بەرهەست نییە(التونجی، ١٩٩٩: ٥٩١)، نالی سەردەستەی ئەم باسەیە لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا، خودان توانایەکی باڵایە لە چێکردنی وێنەی شیعریدا، وەک لە وێناکردنی پرسی مەرگدا، کە بە پلەی یەکەم ڕەهەندێکی ئیستاتیکی و پڕ شیعرییەت و بەلاغی و دواتریش ئاینی و سۆفیگەری هەیە لەم دێڕەدا دەڵێت:

**مەعنایی نوور و زوڵمەت و نەشری حەیات و مەوت**

**بوو، ڕوو و زوڵف و ڕۆژی ویسال و شەوی فیراق** (نالی، ١٩٧٦: ٢٤٨)

لێرەدا شاعیر لە ڕێگەی وێنەگەلێکی تایبەتەوە ڕوودەکاتە یار و دەڵێت گەر دەتەوێت بە زمانێکی سادە چەمکە ئاڵۆز و مەعنەوییەکانی (نووری ئیمان، زوڵمەتی کوفر، حەیات، مەوت) بزانیت، وا من بۆت ڕوون دەکەمەوە، ئەوا هەمووی بە بەرجەستەیی لای تۆ و لە ژیانی مندا هەن، نووری ئیمان و زوڵمەتی کوفر ڕوو و زوڵفی تۆن، ژیان و مەرگیش ڕۆژی ویسال و شەوی فیراقی منن) و نالی لە وێنەی شیعری چواندندا هێناونییەتییەوە. هاوکات شاعیر هونەری ڕەوانبێژیی لەفونەشری ڕێکی لە وشەکانی دێڕی یەکەم بەرامبەر وشەکانی دێڕی دووەم بەکار هێناوە. هونەری دوالیزمی دژیەکیش بە زەقی لە نێوان وشەکانی (نوور و زوڵمەت، حەیات و مەوت، شەو و ڕۆژ، زوڵف و ڕوو)دا دەبینرێن.

لە دێڕێکی تردا نالی بە لەتافەتێکی پڕ شیعرییەتەوە لە وێنەیەکی شیعری خواستنی درکاودا، ڕەشی زوڵفی یار بە بەرگی مەرگ و ماتەم دەچوێنێت و تێیدا زوڵفی بەکەس کردووە، دەڵێت من هەناسەم لە دووری ئەودا ڕەش بووەتەوە، کە چی لەبری ئەوەی شتێک بنوێنێت دڵم خۆش بکات و شادییەکی پێدابێت، کەچی زوڵفەکانی سەرتاپا بەرگی مەرگیان لەبەرکردووە و هێندەی تر غەمگینم دەکات، تێیدا دەڵێت":

**وەکوو دوودی سیاهە ئاهی نالی و، ئەم ڕەقیبانە**

**لەسەر تا پێ لە بەرگی مەرگ و ماتەم ناوە زولفەینی** (نالی، ١٩٧٦: ٦٧٨)

**پێنجەم: مەرگ وەک بابەتی سوێندخواردن لای نالی**

لە پرس و ڕەهەندەکانی مەرگدا باسـیکی بەرچاو دەبینرێت، کە سـوێندخواردنە بە مەرگی یارەکەی، کە کولتوور و نەریتێکی ڕۆژانە و باوی نەتەوە ڕۆژهەڵاتییەکانە بەگشـتی و نەتەوەی کوردیش بەتایبەتی. ئەم پرسـە لە شـیعرەکانی نالیدا وەک شـاعیرێکی نێو ئەم کولتوورە پاڵنەرگەلێک لە پشـتییەوە دەبینرێن، وەک بەپیرۆززانین و گەورەیی دڵبەرەکەی و بۆ سـەلماندن و ڕاسـتی و درووسـتی قسـەکانی و دەربڕینی ئازار و یـادکردنەوەی بەردەوام و دەربڕینی وەفـاداری و بۆ پەیوەنـدییکردن و نزیکبوونەوە لە خوێنەر و گوێگر و هاوکاتیش لە پێناو ڕەهەندە ئاینییەکەدا کە بەردەوام مردن لەیادییەتی.

دیارترین ئەو بەیتانەش کە نالی بابەتی سـوێندخواردنی بە مەرگی یارەکەی و ئەوانی تر تێدا بەکار بردووە، ئەم بەیتانەن:

**ئەمێستەیش، گەرچی عەیش و عوشرەتت هەر تاڵ و تاڵاوە**

**بە <u>مەرگی تۆ</u>، لە پاشانیش دەخۆی تاڵاوی تاڵاوی** (نالی، ١٩٧٦: ٦٨٢)

لیرەدا شـاعیر دەڵێت هەر چەندە ژیانی ئێستای پڕە لە ناخۆشـی و تاڵی. سوێند بە مەرگی یار دەخوات و دەڵێت دوای مردنیش، ژیـان هەر تـاڵ دەبێت و جەخت لە جەختکردنەوە لەسـەر بەردەوامی و زۆری ئەو تاڵییە.

یان دەڵێت:

**خەراباتی دڵی نالی مەفەرموو: خاڵییە، نایەم!**

**بە <u>مەرگی تۆ قەسەم</u>، چاوم! بە زیکرت بەیتی مەعموورە** (نالی، ١٩٧٦: ٤١١)

لێرەدا ڕوودەکاتە یار و دەڵێت: مەڵێ دڵت وێرانەیە و نایەمە ناوی، بۆ ئەوەی دڵنیای بکاتەوە پێی دەڵێت چاوەکەم بە مەرگی تۆ سوێند بێت، دڵم بە یاد و زیکری تۆ بەردەوام ئاوەدانە.

هەر لەو ڕووەوە لەگەڵ سوێندخواردنی بە مەرگی یار، ئاماژە بە (جێی غەریبان) دەکات، کە مردنە. دەڵێت: کە مردم بۆم بگری و بە مەرگی خۆت سـوێندت دەدەم چاوت مەڕێژە، با فرمێسـک بە چاوتەوە دیار بێت و تیایدا دەڵێت:

**دەزانی خۆ دەچینە جێی غەریبان**

**<u>بە مەرگی خۆت</u> ئەگەر چاوان سیا کەی!** (نالی، ١٩٧٦: ٧٠٨)

لە دێڕێکی تردا سوێند بە مەرگ دەخوات بۆ ڕۆیشـتن بۆ لای مەرگی مەحموود پاشـای بابان، کە بە شـا بانگی دەکات، عوزر و پاسـاو دەهێنێتەوە، کە نەهاتنەکەی لە دەسـتەڵاتی خۆیدا نییە و سـەبەسـت نییە لە ئێستادا، ئەگینا نەک بە پێ بەڵکوو بە سەر دەچوو بۆ لای و دەڵێت:

**نیشانەی فەخرە بۆ من گەر بە سەر بێم نەک بە پێ، ئەمما**

**بە مەرگی تۆ قەسەم، شاهم!، عوزر مەسمووعە، سەرمایە** (نالی، ١٩٧٦: ٥٧٠)

**شەشەم: دۆخی بەرزەخییەتی ژیانی شاعیر لە نێوان مردن و ژیاندا**

یەکێکی تر لەو ڕەهەندانەی کە نالی لە پای هاتن و نەهاتنی یار و غەریبیدا لە زۆر شـــوێنی شـــیعرەکانیدا ئاماژەی پێدەدا، بوونی فۆرمێک مانەوەیە لە دۆخ و بەرزەخێکدا، کە لە نێوان ژیان و مردندایە. مانەوە لە غەریبی و بەرزەخی هاتن و نەهاتنی یاردا، ئاماژەگەلێکی قووڵ و مانداری هەیە لای نالی، وەک بوونی هەستێکی ئاڵۆز و ناڕوون و ناسەقامگیر. چاوەڕوانی لە نێوان هیوا و نائومێدیدا. ئازاری دووری و وێنای ئاینی بۆ ژیان، کە تەنگ و ناخۆش و دۆخێکی ئاوارتە و ڕیزپەڕ و نائاســاییە، بەوەی کە یار نە بەتەواوی لەگەڵتدایە و نە بەتەواویش لێت دوورە. لە دیارترین ئەو بەیتانەش کە نالی باس لەم دۆخە دەکات، ئەمانەن:

**تۆ یووسفی نەو حوسنی لەسەر میسری جینانی**

**من پیرم و فانی**

**لەم کولبەیی ئەحزانە نە زیندووم و نە مردووم**

**هەروا بە تەماتم** (نالی، ١٩٧٦: ٢٦٥)

لێرەدا نالی وێنای مەعشـــووقەکەی بە پێغەمبەر یوســـف (س.خ) و وێنای خۆشـــی بە پێغەمبەر یەعقووب(س.خ) و حوجرەکەشی بە ماڵی خەم (بیت الاحزان) دەچوێنێت و دەڵێت تۆ لە بەهەشتی خۆتدایت و منیش لێرە نە ئەوەتا زیندووم و لە غەریبیتدا دەچەوسێمەوە و نەش ئەوەتا بمرم و بۆ خۆم بحەسێمەوە.

لە دێڕێکی تردا داوا لە مەعشـــووق دەکات کە یا با بمرم ژێر خۆڵ بێتە چارەنووســـم یان لەم غەریبییەدا مەمهێڵەوە، کە لە نێوان ژیان و مردندام و هەمیشە چاو لە ڕێتم و دەڵێت:

**یا توربەتێ، یا غوربەتێ با ڕێ بشکێنین**

**هەر مونتەزیرە نالی ئەگەر مرد و ئەگەر ما** (نالی، ١٩٧٦: ١٢١)

هەر لەو ڕووەوە باســـی ژیانی خۆی لە نێوان بەرزەخێکدا دەکات و دەڵێت جارێک نەهاتیت و ســـەرێکم لێبدەیت و زیندوو ببمەوە، ئێستاش کە مردووم وەرە فاتیحایەکم بۆ بخوێنە و تیایدا دەڵێت:

**سەر خاتیمەیی حوسنی عیبادەت کە نەهاتی**

**بارێ بگرە فاتیحە و دەئبی زیارەت** (نالی، ١٩٧٦: ١٤٦)

لە دێڕێکی تردا، کە تەواو ئەو هەســـتەی نێوان ژیان و مردنی لە دووری یاردا بەڕوونی باس دەکات و دەڵێت:

**دوور لە تۆ ئیدی مەپرسە، قوربان**

**حاڵی نالی کە نە مرد و نە ژیا!** (نالی، ١٩٧٦: ١٢٨)

**ئەنجام:**

١- لە ئەدەبیاتی کوردی و بەتایبەتی لای نالی شاعیر، پرسی مەرگ ئاوێزانە بە پرسگەلێکی بابەتی وەک ئاین و کولتوور و پرسگەلێکی خودی وەک خۆشەویستی و وەفا و ڕێز و ڕق و سەرچاوەی داهێنانی شیعریی نوێ و تێمای نوێ لەم پرسەدا.

٢- دیارترین ئەو ڕەهەندانەی کە لە شیعری نالیدا لەو ڕووەوە بەرچاوە، گیانبەخشین و ڕۆحدانان لەپێناو خۆشەویستیدا، مەرگی ئازیزان و خۆشەویستانیەتی، کە پەیوەستە بە ڕەهەندی خودیی نالییەوە.

٢- یەکێکی تر لەو ڕەهەندانە کە ڕەهەندێکی ئەدەبی و ئیستاتیکی هەیە لای نالی، پرسی مەرگە وەک سەرچاوەیەکی وێنەی شیعری و شیعرییەت، کە وێنە گەلێکی ناوازەی پێ درووست کردووە.

٣- ڕەهەندێکی تری مەرگ لای نالی، کە لە بابەتی شیعری کلاسیکدا زۆر دەبینرێت، مەرگ و ئاواتخواستنی مەرگی ڕەقیبە. ئەوەی لای نالی جیاوازترە ڕاستەوخۆ ناوی ڕەقیبی هێناوە (باوکی حەبیبە-یار)، کە بووەتە هۆی نەگەیشتن بە خۆشەویستەکەی.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

٤- تایبەتمەندییەکی تری پرسی مەرگ لای نالیی، باسی حاڵ و دۆخی خۆیەتی لە نێو عیشقدا، ئەویش دۆخی بەرزەخییەتی ژیانییەتی لە نێوان مردن و ژیاندا.

٥- ڕەهەندێکی دیاری تری ئەم پرسە لای نالی بابەتی سوێندخواردنە بە مەرگ، کە لە زۆر شوێنی شیعرەکانیدا چەند بارە دەبێتەوە، تا دڵنیایی بداتە بەرامبەرەکەی لە نیاز و نیەتی خۆی.

**المصادر:**

*قورئانی پیرۆز

**یەکەم: بە زمانی کوردی**

**ا-دیوان:**

١-نالی(١٩٧٦)، دیوانی نالی: لێکۆڵینەوە و لیکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، چاپخانەی ئەکادیمیای کوردی، بەغداد.

**ب-کتێب:**

٢-ئەحمەد، بوساحە(٢٠١٦)، مردن لە ڕوانگەی ئایینەکانەوە، چاپی دووەم، وەرگێرانی: دانا مەلا حەسەن، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

٣-دەشــــتی، کەریم و بـداغی، عەلی(٢٠١٤)، لە مـاتـەمینی هێمنـدا(چەنـد دەقێکی شــــین و لاوانـدنەوە)، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

٤-حەمەغەریب، تەحسین(٢٠١٩)، ئەدەب وەك ڕزگارکەر- نالی، کتێبخانەی گەشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

٥-ڕەوف، د.لوقمان(٢٠٢٣)، تراژیدیای مەرگ لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، دیوانی گۆڕستانی چراکان بەنموونە، چاپی یەکەم، پەیمانگەی تەکنیکی کوردستان، سلێمانی.

٦-عوسمان، سالار(٢٠١٥)، مەرگ لە نێوان فەلسەفە و ئەدەبدا، ئەدا بۆکستۆری، هەولێر.

٧-عوسمان، هەرێم(٢٠١٣)، چەمکی مردن لە زمانی کوردیدا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

٨-عزیز، د. حەمید( ٢٠٠٨)، ســــەرەتایەک لە فەلســــەفەی کلاســــیکی یۆنان، چاپی ســــێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئاوێر، هەولێر.

٩-عەبدولکەریم، سەبوور(٢٠١٤)، چەمکی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و مەولانای ڕۆمیدا، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

١٠-مەبروك، ئەمەل(٢٠١٥)، فەلســـەفەی مردن، وەرگێرانی: ئارام ئەمین شـــوانی، چاپی یەکەم، ناوەندی فێربوون بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

١١-نەراقی، ئارەش(٢٠١٦)، بوون و نەبوون لە نیگای خەیام و مەولاناوە، وەرگێرانی: کەیوان هەورامی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١٢-هەژار(١٣٨٨)، فەرهەنگی کوردی/ فارسی، چاپی شەشەم، کتابخانە ملی ایران، ئێران.

**ج-گۆڤار:**

١٣-حەمەئەمین، بـاخـان ئەحمەد(١٣٩٧)، ڕایەڵەی ســــەرەکواتـاکـانی پیری و تەنیـایی و مردن لە هەردوو شــیعری (ژمارە ٩١) لە دیوانی حەفتا پەنجەرەی گەڕۆک و (پاییز لە ناو پاییزدا)ــــــی شــێرکۆ بێکەس، پژوهشنامە ادبیات کردی، پاییز و زمستان، سال ٤، شمارە ٦.

١٤-محەمەدی، فەرهاد(١٤٠١)، نەریتی ئەدەبی و داهێنەرێتیی هونەری لە شیعری کلاسیکی کوردیدا: بە ســەرنجدان بە شــیعری کوردیی ناوەندی و ســەروو، پژوهشــنامە ادبیات کردی، بهار و تابســتان ، ســال ٨، شمارە ١.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی**

**ا-کتێب:**

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

١٥-الجرجانی، عبدالقاهر(١٣٢١)، دلائل الاعجاز، تصحيح محمد عبده و محمد محمود الترکزی الشنقيطی، مطبعة مجلة المنار، القاهرة.

١٦-التونجی، الدکتور محمد(١٩٩٩)، المعجم المفصـــل في الادب، جزء الاول، الطبعة الثانی، دار الکتب العلمية، بيروت.

١٧-عبدالاسلام، محمد(٢٠١٧)، الموت في الشعر العربي، ترجمة: مبروك المناعي، الطبعة الاولى، مومنون بلا حدود للنشر والتوزيع، بيروت.

**ب-گۆڤار:**

١٨-حسين، ايات محمد، م.(٢٠٢٥). الأساليب البيانية والبديعية في شعر ربيعة الرقِّي، *لارک*.*17*(1/Pt1)96-80.
https://doi.org/10.31185/lark.3872

١٩- الجعيفيرى، منى قاسم معارج م.(2025). ألم الفراق عند الشاعرتين نازك الملائكة، ستيفي سميث (دراسة مقارنة). *لارك*.995-1014, ,
https://doi.org/10.31185/lark.4039

٢٠-المسلم، الدكتورة دلال سليمان(٢٠١٧)، ذكر الموت في القران الكريم، حولية كلية الدراسات الإسلامية والعربية بنات بالزقازيق، عدد السابع.

**سێیەم: ماڵپەڕ:**

21- Cherry, Kendra (2024), What Is a Schema in Psychology?
https://www.verywellmind.com/what-is-a-schema-2795873

**List of References:**

*The Holy Qur'an

**First: Kurdish References:**

**A- Diwan**:

1 -Nali (1976), Diwani Nali: Research and Interpretation of Mullah Abdulkarim Muderris

And Fatih Abdulkarim, Kurdish Academy Printing House, Baghdad.

**B -Books**:

2 -Ahmad, Busaha (2016), Death from the Perspective of Religions, Second Edition, Translated by Dana Mullah Hassan, Andesha Publishing House, Sulaimaniyah.

3- Dashti, Karim and Badaghi, Ali (2014), In Hemn's Mourning (Some Blue Texts and Rejuvenation), Kurdish Academy Publishing House, Erbil.

4- Hamagharib, Tahsin (2019), Literature as Savior - Nali, Gasha Library for Printing and Publishing, Sulaimaniyah.
مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

5- Rauf, Dr. Luqman (2023), Tragedy of Death in the Poems of Sherko Bekas, Cemetery of Lights, First Edition, Kurdistan Technical Institute, Sulaimaniyah.

6- Osman, Salar (2015), Death between philosophy and literature, Ada Books tory, Erbil.

7- Osman, Harem (2013), Concept of Death in Kurdish Language, Kurdish Academy Publishing House, Erbil.

8-Aziz, Dr. Hamid (2008), Introduction to Classical Greek Philosophy, 3rd Edition, Rojhelat Printing House, Awer Publishing Center, Erbil.

9- Abdulkarim, Saboor (2014), Concept of Life and Death in the Poetry of Rumi and Rumi, Ghazalnoos Publishing House, Sulaimaniyah.

10-Mabrook, Amal (2015), Philosophy of Death, translated by Aram Amin Shuani, first edition, Learning Center for Printing and Publishing, Erbil.

11- Naraqi, Aras (2016), Being and Not Being in the Eyes of Khayam and Maulana, translated by Keywan Hawrami, Rojhelat Printing House, Erbil.

12- Hazhar (2009), Kurdish/Persian Dictionary, Sixth Edition, National Library of Iran, Iran.

## C- Magazine:

13-Hama Amin, Bakhan Ahmad (2018), Sherko Bekas's poem No. 91 in Seventy revolving windows and Autumn in Autumn, Kurdish Literature Research, Autumn and Winter, Year , No.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

14-Mohammadi, Farhad (1401), Literary Tradition and Artistic Creativity in Classical Kurdish Poetry: With Reference to Middle and Upper Kurdish Poetry, Research in Kurdish Literature, spring and Summer, Year 8, No.

## Second: Arabic References:

## A-Books:

15- Al-Jurjani, Abdul Qahir (1321 Evidence of the miracle, correction: Muhammad 'Abda and Muhammad Mahmoud al-Turkizi al-Shanqiti, Al-Manar Magazine Printing House, Cairo.

16- Al-Tunji, Dr. Mohammed (1999), Detailed Dictionary of Literature, Part I, Second Edition, Scientific Library, Beirut.

17-Abdul Islam, Muhammad (2017), Death in Arabic Poetry, translated by: Mabrouk Al-Manaei, first edition, Muminwn Without Borders Publishing and Distribution, Beirut.

B- Magazine:

18- Ayat Muhammad Hussein, M. (2025). Rhetorical and rhetorical styles in the poetry of Rabia al-Ruqay. Lark, 17(1/Pt1)80-96.

https://doi.org/10.31185/lark.3872

19- Mona Qasim Maaraj M. (2025). The Pain of Separation in the Poets Nazik Al-Malaika and Stevie Smith (A Comparative Study). Lark, 17(1/Pt1), 1014-995.

https://doi.org/10.31185/lark.4039

20- Al-Muslim, Dr. Dalal Suleiman (2017), Mention of Death in the Holy Quran, Annals of the Faculty of Islamic and Arabic Studies for Girls in Zagazig, Issue No. 7.

## Third: website:

21- Cherry, Kendra (2024), What Is a Schema in Psychology?

https://www.verywellmind.com/what-is-a-schema-2795873

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية